ترەمپ: واشنتن و پەکین لەبارەی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییە ئابوورییەکانیان ڕەک کەوتن

ئەمە چوارشەممە، دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا، ڕایگەیاند واشنتن و پەکین لەسەر ئاسایکردنەوەی پەیوەندییە بازرگانییەکانیان ڕەک کەوتن. ئاماژەی بەوەکرد، لەگەڵ سەرۆکی چین هەماهەنگی دەکەین، بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانمان.

شاندی ئەمریکا و چین لە بارەی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوانیان لە لەندەن کۆبوونەوە. هاوکات هەردوولا لەسەر چوارچێوەیەکی گشتی بۆ چارکردنی ناکۆکییە بازرگانییەکان ڕەک کەوتن و ئەرکی پەسەندکردنی ڕەکەوتنەکەشیان بۆ سەرۆککانی هەردوو وڵات جێ هێشتووە.

سکرێت بیسنت، وەزیری گەنجینەی ئەمریکا، بۆ ئەندامانی کۆنگرەسی وڵاتەکەی ڕاگەیاند: چین دەرفەتێکی ناوازەی هەیە بۆ سەقامگیرکردنی ئابوورییەکەی، ئەویش بۆ گواستنەوە لە بەرهەمهێنانی زیادەوە بۆ بەکارهێنانی زیاتر.

لەلایەکی دیکەوە، هاوارد لوتنیک، وەزیری بازرگانیی ئەمریکا لە لەدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا، گوتی:

چین بە زووترین کات ڕازامەندیی لەسەر هەناردەکردنی کانزا دەگمەنەکانی بە ئەمەریکا دەدات، ئەمەش دوای ئەوەی کە سەرکی هەردوو وڵات ڕەکەوتنەکە پەسەند دەکەن.

لای خۆیەوە دۆناڵد ترەمپ، سەرکی ئەمەریکا، لە هەژماری خۆی لە تۆی کەمەایەتی تروس، نوسیوویەتی: پاش دوو ڕۆژ لە دانوستانی بەردەوامی نێوان شاندی واشنتن و پێکین، لە کۆتاییدا لەبارەی ئاسییکردنەوەی پێیوەندییە بازرگانییەکان ڕێک کەوتن کراوە، تەنیا ڕازامەندیی کۆتایی من و شی جین پینگ، ماوە.

سەرکی ئەمەریکا، ئاشکرای کرد، پێیوەندیی نێوان هەردوو وڵات زۆر ناوازەیە، هەروەها ڕۆز لە پابەندبوونەکانمان دەگرین بە تایبەتی لە ڕەگەدان بە قوتابییانی چین بە خوەندن لە زانکۆکانی ئەمەریکا.

جەختی لەوەش کردەوە، لەگەڵ سەرکی چین لە هەماهەنگیداین بە باشترکردنی پێیوەندییە ئابووریەکانی نێوان هەردوو وڵات.

ئەمەریکا کانزا دەگمەنەکان بە دروستکردنی پاتری کارەبایی و تەرباینەکانی با، هەروەها سیستەمی بەرگریی وەک مووشەک ڕادار و مانگی دەستکرد بەکار دەهێنێت.

بە بەڵام چین لە بڕانبەردا، دەیەوێت ئەمەریکا بە هەندێک سنووردارکردنی هەناردەکردندا بچێتەوە کە بەسەر بەرهەمەکانیدا سپێنراوە، بە تایبەتی ئەوانەی پێیوەندییان بە تەکنەلەجیاوە هەیە.